# ئەگەر شاعیر بام. .

**نورەدین سەعیدوەیسی**

**خۆم بە قەرزاری ( قادر قاچاخ ) ی بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتی میرنیشنەکەی پارتی دەزانم، کە لەدوا ژمارەی رۆژنامەی میدیادا لوتفی بەرامبەر مندا نواندووەو فەرموویەتی ( ( سەربە دەزگایەکە کەدژ بە بەرژەوەندی میللەتی کورد ( خەبات. . !! ) دەکا ) ) ، ئاخردەبی لەوانە قورپەسەرتر هەبی کەقاچاخ دانێکی خێریان پێدادەنی ولێیان رازییە، دەمێکە شاعێرێکی عەرەبیش گوتوویەتی** ( (واذا اتتك مذمتي من ناقص فهي الشهادة لي باني كامل ) ) .

**من شاعیر نیم دەنا دەمێك بوو لەداخی ئەوەی زۆرجاران قاچاخ بە شاعیر ناودەبری ، مالئاواییم لە دونیای شیعر کردبوو، چونکە قاچاخ چەند لە گرتن وئەشکە نجەدانی خەلکی وبەتایبەتیش رۆشنبیران قادرو بەتوانایە هێندەش لە شیعرو رۆشنبیریدا کلۆل وقاسیرە، بۆیە پێموایە قاچاخ پێویستی بەوە نییە خۆی بەئەشکە نجەدان و دارکاری کردنی زیندانییان هیلاك بکا، چونکە هەرتەنهاخوێندنەوەی شیعرەکانی خۆی بۆ زیندانییان، گەورەترین تەعزییە. . !**

**چش لەوتۆمەتە بی بەلگەیەی کە قاچاخ وەپال منی داوە، لی چونکە قادر کادیرێکی دلسۆزو بەوەفای پارتییە، هەربۆیەش کارکردن بۆ دەزگایەکی دژ بەبەرژەوەندی میللەتی کورد بە ( خەبات ) دەزانی . . !**

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی نووسەرەکەیەتی ، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.